پاڵاوتنی مۆندیال.. سبەینێ عێراق میوانداری ئیمارات دەکات

سبەینێ لە پاڵاوتنی مۆندیال عێراق میوانداری ئیمارات دەکات و لە یاری دەستانێشدا بەرازیل رووبەڕووی تونس دەبێتەوە.

سبەینێ لە یارییەکانی قۆناغی پلەی ئەفی ئاسیا بە گەیشتن بە پاشکۆی پاڵاوتنی جیهان، هەڵبژاردەی عێراق لە یارییەکی گرنگدا رووبەڕووی هەڵبژاردەی ئیمارات دەبێتەوە.

یارییەکە کاتژمێر حەوتی ئێوارە لە یاریگای بەسڕەی نوودوودەتی بەڵوودچێت لە کاتێکدا لە یاری گەڕانەوە کە لە ئیمارات بەڵوچوو هەردوو هەڵبژاردەکە بە گەڵک یەکسانبوون.

هەڵبژاردەی عێراق دەیەوێت بە پشتبەستن بە هاندەران لە ناو یاریگادا لەو یارییەدا بردنەوە بەدەستبهێنێت تا بتوانێت گەیشتن بە قۆناغی پاشکۆی جیهان بە گەیشتن بە مۆندیال مسۆگەر بکات.

هەر سبەینێ بەڵام لە یارییە دەستانێکاندا و لە کاتژمێر 10 و 30 خولەکدا هەڵبژاردەی بەرازیل لە

یاریگای ئیمارات لە لەندەن رووبەڕووی هەڵبژاردەی تونس دەبەتەوە.

ئامانجی کارلە ئەنچیلەتی راهێنەری بەرازیل ئەویە لەسەر ئەنجامە باشەکانی بەردەوامبێت و دووەم بردنەوە لە یەک هەفتەدا بەدەستبهێنێت دوای ئەوەی لە یاریی رابردوودا بە ئاستەکی نایابەوە لە سێنیگالی بردەوە.